www.kurdistannet.org
21-10-2006 8:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تورکیا چی ئەدوورێتەوە لەدەغلی ڕەگەزپەرستی.. !! ... م. حەمید عەزیز

(هەقی مرۆڤەکانی تر ببینی خەڵکی جوانیت دەبینێ)

کورد ئەڵێ: (ئەگەر بەرز بڕوانی نزم ئەنیشیتەوە) پەندێکی زۆر جوانە لەسەرکەوتن و تەنگانە یان ژێرکەوتن هەر یەک چەشن بیت باشە. لەسەرکەوتنا لووت بەرزی ناشرینت دەکات و لەژێر کەوتنا یان تەنگانەدا لووت نزمی یان ماستاوکردن ترسنۆکی یەو بەهەمان شێوە ناشرین دەبی. کەواتە مرۆڤ لەهەموو کاتەکاندا باسروستی بێت، چونکە ئەو گۆڕانە جۆراو جۆرانە پەیوەندی بەباری ڕۆشنبیری و دەروونی یەوە هەیە.

مرۆڤی ڕەگەزپەرست خۆی خۆی دەخوات و لە نرخی کەم دەکات لەبەرچاوی مرۆڤەکانی تر، لەڕاستیدا ئەگەر بەووردی و تێگەیشتنەوە ئێمە بڕوانینە خۆمان ئادەمیزاد هەموو براو کەسی یەکە چونکە هەموو لەڕەگەزی مرۆڤین و کەس جیاواز نی یە تەنها بەهەست و هزری جوان نەبێت... !!.

گۆشەگیرترین وولآت کەهیچی لە تالیبان و بەلوج و بەربەرو قاعیدەو گروپە ئاینی یە توندڕەوو تیرۆریستی یەکان کەمتر نی یە بەدڵنیای یەوە وولآتی تورکیایەو لەهەندێ بارو هۆش (فکر) ەوە وەک: ڕامیاری، ئابووری، ڕەگەزپەرستی، کۆمەڵایەتی و مرۆیی یەوە ئەمان لەتورکیا باشترن. تورک وەک دەسەلآت فاشیترین و خراپترین دەسەلآتە نەک تەنها بەرامبەر نەتەوەکانی تر بەڵکو بەرامبەر تورکیش. بۆ نمونە ئۆرهان پاموک گەورە نووسەری تورک کەخاوەنی زیاتر لەحەوت ڕۆمانەو بۆتە خەم هەڵگری تورک و هەموو هەوڵێکی بۆ بە سێکۆلار و مەدەنی کردنی کۆمەڵگای تورکە و چەند ساڵێکە لەو بووارەدا کاردەکات و لەتەمەنی سی ساڵیدا یەکەم ڕۆمانی دەرکردووە بۆ گەلەکەی و نووسراوەکانی وەرگێردراوە بۆ چەندین زمانی جیهانی و.. هتد. ئەم نوسەرە هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و چەوەساوە شانازی پێوەدەکات لەگەڵ ئەوەشدا کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەندیشە بەلآم ڕۆشنبیری یەکەی وای لێکردووە کە بەرگری لەهەژاران بکات خۆشی بووێن کەچی کەلەکاتی وەرگرتنی خەلآتی نۆبڵ بۆ وێژە (الادب) تورکەکان پیرۆزباییان لێ نەکرد و نارەحەتیش بوون، ئەبووایە ئەحمەد سیزەر کە سەرۆکی تورکیایە یان ئاردۆغان کە سەرەک وەزیرانی تورکیایە یەکەم کەسایەتی بوونایە کە پیرۆزباییان لێ بکردایە بەلآم بەداخەوە نەیانکردو هۆکەیشی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو نوسینەی کە پاموک ئاماژەی پێداوەو ووتویەتی: لەدووای جەنگی جیهانی یەکەم لەبەرواری 1915 دەسەلآتی ئەوکاتەی تورک کەبەناوی عوسمانلی یەکانەوە بەدەسەلآت بوون و زۆر ناوچەو شوێنیان خاپوور کردووەو داگیرکردووە لەو سەردەمەدا. بێجگە لەوەش ئاماژەی بەو ڕاستی یە کردووە کە ئەڵێ: عوسمانلی یەکان لەو سەردەمەدا ملیۆن و نیویێک ئەرمەن و چەند هەزار کوردیان کووشتووەو ماڵ و حاڵیشیان بەتالآن بردووە. ئەوە مێژوویەکی ڕاست و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە تورک و عوسمانلی یەکان دووژمنی نەتەوەکانی تریش بوون لەناوچەکە. ئەم نووسینە ڕاستییەکە بەبەڵگەوە هێناویێتی یەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتەوەکەی بەهەڵەدا نەڕووات و بیری ڕەگەزپەرەستی لەناویانا لاببات و شۆڤێنی یەت و دوواکەوتووی و دڵ ڕەشی تورک بسڕێتەوە لەناخیاندا کەچی نەتەوەی تورک و بەتایبەت ئەحمەد سیزەرو ئەردۆغان زۆر لێی پەستن و پیرۆزبایشیان لێنەکرد بۆ خەلآتی نۆبڵەکەی. لەم ڕۆژانەشدا پەرلەمانی فەرەنسیش ئەو ڕاستی یەی کەتەڵخ کرابوو لەبارەی کووشتنی ئەرمەن و کورد لەبەرچاوی خەڵکی بەڕوونی هێنایەوە سەر گۆڕەپان و ناوی تورک و دەسەلآتی تورکیای تاوانبار بارکردوو وەک و کارێکی مرۆیی هەق و ڕاستی ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەرمەنەکان لەوانەیە سزایەکی گەورەی پارە لێسەندن لەگەڵ تورکیادا

بکرێت. تورکییایەک کە خۆی ئابووری نزمە و خەڵکەکەی نزمترین ژیان و باری کۆمەڵایەتی خراپ بەڕێووە دەبەن هەتا ئێستاش کە سەدوپەنجا ملیار دۆلاری ئەمەریکا قەرزدارە بێجگە لەیارمەتی یەکانی ئیسرائیل و چەند ساڵیشە لەبەروبوومی نەوتی عێراق دەخوات و خاڵی سنووری برایم خەلیل شایەت حاڵی هەژاری و کەم دەرامەتی تورکیایە کەچی ئۆردۆغان بەم حاڵە جوانەوە هەڕەشە لەفەرەنسا دەکات و دەڵێ: ئەگەر پەرلەمانی فەرەنسی بڕیاری تاوانبارکردنمان بدات ئەوە خۆی زەرەر دەکات... !! منداڵیش پێکەنینی دێ بەم هەڕەشەیە. وەزیری دەرەوەی عێراقم بیرئەخاتەوە ناجی سەبری کە ئەیووت: ئێمە حەوت ملیۆن چەکدارمان هەیە و ئەمەریکا هەڵەفرێنین بۆ ئەودیوو سنور کەچی خۆی لەپێش هەموو کەسێکەوە ڕایکرد، ئێستاش لە وولاتی نەمسادا دەژی.